*Journal of Language Studies* Vol. 10, No.2, Part 1, 2026, Pages (109-128)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.10.2.P1.6

IRAQI Academic Scientific Journals
المجلات الأكاديمية العلمية العراقية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# A Modern Perspective on Metaphor: Theories of Blending and Interaction as a Model

**Azhin Dawood Ameen**
**Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Garmian University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq**
Azhindawd4@gmail.com

**Prof. Dr. Dara Hamid Muhammed***
**Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Garmian University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq**
Dara.Hamid@garmian.edu.krd

**Received:** 28/10/2025, **Accepted:** 16/11/2025, **Online Published:** 30/06/2026

## Abstract

Metaphor is one of the most important and complex topics that, from the time of the Greeks to the present day, has been a subject of debate among philosophers, scholars, linguists, and researchers. For this reason, throughout the various stages of human life—from the fourth century BC, through the Middle Ages, the Renaissance, the Enlightenment, the French Revolution, modern philosophy, and the twentieth century—new and different perspectives on metaphor have emerged. Interpretations of metaphor are sometimes close to each other, while in other cases they are completely divergent. Therefore, this study

* **Corresponding Author:** Dara Hamid Muhammed, **Email:** Dara.Hamid@garmian.edu.krd
**Affiliation:** Garmian University – Iraq.
© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

attempts to present a new perspective on metaphor, distinct from the traditional view, which considers metaphor merely as a form of imagery, serving primarily as an aesthetic device in literature; or defines metaphor as the conscious use of words; or treats it as a process of analogy, comparison, and identification between two objects or entities that share certain properties and characteristics. The research, drawing on the insights of Paul Ricoeur, Max Black, and George Lakoff, introduces a new dimension of metaphor within the framework of Interactive Theory. In this theory, metaphor is based on the transfer of function from the aesthetic to the conceptual domain, constructed on the interaction between two concepts. Each of these concepts abandons part of its own features and properties while simultaneously adopting some features of the other. Thus, this study approaches metaphor as an intellectual matter rather than merely a literary one.

***Keywords**:* Metaphor, Perspective, Concept, Simile, Interaction theory

# نظرة حديثة للاستعارة(نظرية المزج و التفاعل نموذجا)

**أزين داود أمين**

**قسم اللغة الكردية، كلية التربية الأساسية، جامعة كرميان، السليمانية، إقليم كردستان، العراق**

**و**

**أ. د. دارا حميد محمد**

**قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة كرميان، السليمانية، إقليم كردستان، العراق**

**المستخلص**

تُعد الاستعارة واحدة من أهم وأعقد المواضيع التي شغلت الفلاسفة والعلماء واللغويين والباحثين منذ زمن الإغريق وحتى يومنا هذا. ولهذا السبب، ظهرت آراء وتوجهات متعددة حول الاستعارة على مرّ المراحل المختلفة في حياة البشرية — من القرن الرابع قبل الميلاد، مرورًا بالعصور الوسطى، وعصر النهضة، وعصر التنوير، والثورة الفرنسية، والفلسفة الحديثة، وحتى القرن العشرين. تتقارب بعض هذه التفسيرات أحيانًا، بينما تختلف تمامًا في أحيانٍ أخرى.

ولذلك، تسعى هذه الدراسة إلى تقديم منظور جديد للاستعارة، يختلف عن النظرة التقليدية التي تعتبر الاستعارة مجرد صورة بلاغية تُستخدم لأغراض جمالية في الأدب؛ أو التي تفسرها على أنها استخدام واعٍ للكلمات؛ أو تنظر إليها على أنها عملية تشبيه أو مقارنة أو تطابق بين كائنين أو شيئين يشتركان في بعض الصفات أو الخصائص.

تعتمد هذه الدراسة على أفكار كل من بول ريكور، وماكس بلاك، وجورج لاكوف، لتطرح بُعدًا جديدًا للاستعارة ضمن إطار نظرية التفاعل (Interactive Theory). وفقًا لهذه النظرية، تنتقل الاستعارة من كونها وظيفة جمالية إلى كونها وظيفة مفهومية، حيث تُبنى على التفاعل بين مفهومين. ويتخلّى كل مفهوم جزئيًا عن بعض خصائصه وصفاته، في الوقت الذي يتبنّى فيه بعض خصائص المفهوم الآخر. ومن هنا، تنظر هذه الدراسة إلى الاستعارة باعتبارها مسألة فكرية وعقلية، وليست مجرد أداة أدبية.

**الكلمات المفتاحية:** الاستعارة، رؤيا، مفهوم، تشبيه، النظرية التفاعل

# تێڕوانینێکی نوێ بۆ میتافۆر-تیۆریی کارلێك بە نموونە

**ئەژین داود ئەمین**

**بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی گەرمیان، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق**

**و**

**پ. د. دارا حەمید محمد**

**بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق**

**پوختە**

میتافۆر یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگ و ئاڵۆزەکان، کە لەسەردەمی گریکییەکانەوە تا ئەمڕۆ جێی مشتومڕو بۆچوونی جیاوازی فەیلەسوف و زانایان و زمانەوانان و توێژەران بووە، هەربۆیە دەبینین لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵدا هەر لەسەدەی چوارەمی پێش زایین و سەدەکانی ناوەراست و ڕێنیسانس و بووژانەوە و شۆڕشی فەرەنسی و فەلسەفەی نوێ و سەدەی بیستەم ، دیدگای نوێ و جیاواز پەیوەست بە میتافۆر خراونەتەڕوو. بۆچوونەکان هەمبەر میتافۆر هەندێکجار لێکنزیك و لە هەندێک باریشدا تەواو لێکجیاوازن، لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵی ئەوەیداوە، دیدگایەکی نوێ بۆ میتافۆر بخاتەڕوو، جیاواز لە تێڕوانینی لاسایی، کە میتافۆر بە جۆرێك لە لێکچواندن وێنادەکات، کە ئەرکی سەرەکی بنیاتی ئێستاتیکایە لە ئەدەبدا، یان میتافۆر بریتییە لە بەکارهێنانی ئاگایانەی وشە، یان میتافۆر لەسەر بنەمای لێکچواندن و بەراوردکردن و ناساندنی دوو شت یان دوو قەوارە دامەزراوە، کە دەبێت هەندێک خەسڵەت و تایبەتمەندی هاوبەش لە نێوان هەردوو شتەکەدا هەبێت . توێژینەوەکە لەبەرڕۆشنایی بۆچوونەکانی پول ڕیکۆر، ماکس بلاك و لاکۆف و لە چێوەی تیۆریی کارلێکدا چەمکی نوێی میتافۆر دەخاتەڕوو .

بۆچوونەکان لە تیۆریی کارلێکدا لەسەر بنەمای گواستنەوەی ئەرکی میتافۆر لە جوانکارییەوە بۆ بابەتی هزری(فکری) دامەزراوە، تێیدا میتافۆر لەسەر بنەمای کارلێکی نێوان دوو چەمك بنیاتدەنرێت، کە هەریەك لەو چەمکانە دەستبەرداری بەشێك لە سیما و خەسڵەتەکانی خۆی دەبێت و لەبەرانبەریشدا بەشێك لە سیما و خەسلەتەکانی چەمکەکەیتر وەردەگرێت، کە توێژینەوە ئەمە بە بابەتیکی هزری دەبێت زیاتر لەوەی بابەتیکی ئەدەبی بێت .

**کلیلە وشەکان:** میتافۆر ، دیدگا، چەمك ، لێکچواندن، تیۆریی کارلێك

**پێشەکی**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(**تێڕوانینێکی نوێ بۆ میتافۆر-تیۆریی کارلێك بە نموونە** )یە کار لەسەر خستنەڕووی دیدگای نوێ بۆ میتافۆر دەکات جیاواز لە تێڕوانینی کۆن، کە میتافۆر بەلایانەوە زیاتر لێکچواندن و بنیاتنەری جوانکاری ئەدەبییە.

توێژینەوەکە بەپێی میتۆدی پەسنی شیکاری ئەنجامدراوە و لەبەرڕۆشنایی تیۆری کارلێك وەك یەکێك لە تیۆرییە نوێیەکانی زمانەوانی، پەسنی و شیکاری میتافۆر دەکات .

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدا دەردەکەویت، کە میتافۆر وابەستەی بابەتی هزری(فکر)ی دەکات، ئەمەش بۆ زمانەوانی بابەتێکی نوێیە و میتافۆر لە کۆتووبەندی جوانکاری ڕزگاردەکات و گرێدراوی بابەتە هزرییەکانی دەکات .

پرسیارەکانی توێژینەوەکە : توێژینەوەکە هەوڵیداوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە :

1- چەمکی میتافۆر چییە؟
2- ئایا ئەرکی میتافۆر تەنها جوانکاری ئەدەبییە؟
3- دیدگا نوێیەکان بۆ میتافۆر چین؟
4- پێڕەوانی تیۆریی کارلێك چۆن لە میتافۆر دەڕوانن؟

گریمانەکانی توێژینەوەکە

**1-** توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات کە میتافۆر زۆر لەوە زیاترە، کە تەنها وەك بابەتێکی ئەدەبی لێبیروانرێت و ئەرکی تەنها ئێستاتیکا و جوانکاری ئەدەبی بێت، بەڵکو میتافۆر وابەسەتەی بابەتە هزرییەکان دەبێت و لەسەر بنەمای کارلێکی چەمکە جیاوازەکان بنیاتدەنرێت .
**2-** توێژینەوەکە گریمانەی ئەوەدەکات، کە دەرکەوتەی میتافۆر تەنها لە دەق و بابەتی ئەدەبیدا نییە، بەڵکو میتافۆر لەئاخاوتن و ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا دەرکەوتە و نواندنی هەیە.

پەیکەری توێژینەوەکە

توێژینەوەکە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجامەکان پێکهاتووە. بەمشێوەیە:

بەشی یەکەم : تیشکدەخاتەسەر بەرایییەکانی میتافۆر تا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست.

بەشی دووەم : تایبەتە بە میتافۆر لەبەر ڕۆشنایی تیۆریی کارلێك بەپێی بۆچوونەکانی ماکس بلاك و لاکۆف و جۆنسون.

بەشی سییەمیش : تایبەتە بە میتافۆر لەبەرڕۆشنایی تیۆریی کارلێك بەپێی بۆچوونەکانی پۆل ڕیکۆر.

لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەکان خراونەتەڕوو، ئاماژەش بە سەرچاوەکان کراوە و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو .

## بەشی یەکەم: بەرایییەکانی میتافۆر

### ١-١- میتافۆر تا سەدەکانی ناوەڕاست

میتافۆر چەمکێکی کۆنە، یەکێکە لە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە هەر لە کۆنەوە جێگەیی سەرنجی شاعیران و ڕەخنەگران و فەیلەسوفان زمانناسان بووە. میتافۆر لە تەنها وشەیەکەوە پەرەیسەندووە بۆ ڕستە و پاشان بۆ گوتار

ڕۆیشتووە، و بووەتە چالاکییەکی زمانەوانی، پێویستی بە ئامادەبوونی هەموو لایەنەکانی گوتار هەیە، لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا.

گریکییەکان و لە ناویاندا ئەفلاتوون و ئەرستۆ لە سەر میتافۆر دوواون، ئەفلاتوون هەر لە بنەڕەتەوە میتافۆر ڕەتدەکاتەوە، سێبەر و لاسایکردنەوە لەو چەمک و زاراوانەن، کە ئەفلاتوون بۆ ئەدەب و میتافۆر بەکاریهێناوە، هەموو داهێنانەکان بە لە باربردنی ئەرکی ڕاستەقینەی وشە و چەواشەکردنی گوێگر دەزانێت.(کامل حسن بصیر، ۱۹۸۱: ۲۲)

ئەفلاتوون بەتەواوی دژی گۆڕینی واتای وشەکانبوون و بەلادانی لە قەڵەمدەدا، ئەم بیرۆکەشی لە تیۆریی نمونەیی(نظرية المثالية)وە دادەڕشت. ئەفلاتوون بە دیاریکراوی باسی هونەرەکانی میتافۆر ناکات، بەڵام پێیوایە هەر گۆڕانکارییەکی واتایی لە دەرەوەی واتای فەرهەنگی ڕێگەپێنەدراوە. واتە بە هەموو شێوەیەک دژی هونەرەکانی ڕەوانبێژی دەوەستێتەوە، چونکە لە سەرەتادا باوەڕی وابوو، کە بابەتی میتافۆر تەنها لە ناو ئەدەبدا بوونیان هەیە و بەکارهێنانێکی ڕەوانبێژیانەی زمانە.(نالی ئەدهەم غەریب، ۲۰۱٦: ٦٧)، (ئەفلاتوون) بە ئاشکرا هیچی دەربارەی میتافۆر و زمان دەرنەبڕیوە، هەرچەندە هەندێک دەربڕین و بیر و بۆچوونی خستوتەڕوو، (ئەفلاتوون) بە پێچەوانەی ئەرستۆ دژی ئەوەبوو زمان دابەشبکرێت بۆ چەند تەوەرەیەکی هەمەڕەنگ ، هەربۆیە زمانی شیعر و زمانی وتاری لێکجیانەکردۆتەوە، ئەو فەیلەسوفە پێیوابووە، جیاکردنەوەی بەشێک لە زمانەکە دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی، هەر لەسەر ئەم بنەمایە شاعیرانی ڕۆمانسی ئەفلاتونیان بە نەیاری شیعر و شاعیران داناوە.( تیرنس هوکس، ۲۰۱٦: ٤٨ )

بەمشێوەیە (ئەفلاتوون) بەهەموو شێوەیەک دژی لادانی واتایی بووە و بەچاوێکی نزم لە میتافۆری ڕوانیوە، پێیوابووە بوونی وشەی فەرهەنگی ئامرازێکی بەسە بۆ گەیاندنی واتا بەوردیی، میتافۆر لادانێکە لە بەکارهێنانی وشەدا، دەبێتە هۆی فریودان و سەرلێشێواوی، ئەو زانایە دژی بەکارهێنانی میتافۆرە، چونکە ڕاستەوخۆ واتاکە ناگەیەنێتە وەرگر.

پاش ئەو بۆچوونانەی، کە داهێنانە ئەدەبییەکان بە چەواشەکردن دەزانرا، (ئەرستۆ) بۆچوونەکانی خۆی لەبارەی میتافۆرەوە بەشێوەیەکی وردتر دەخاتەڕوو. (پەیدابوونی فەلسەفە لە یۆناندا توانی شعر وەکو سەرچاوەی مەعریفە پەراوێزبخات، ئەرستۆ یەکەمین فەیلەسوفە، کە بەشێوەیەکی خۆرسکانە و بەبێ هیچ پاشخانێکی لێکۆڵینەوەی لە میتافۆر دەستپێکرد، وەکو هەر بوارێکی تر کە ئەرستۆ لێیکۆڵییەوە، دیدگای ئەرستۆیش لەم بوارەشدا تا چەند سەدەیەک بەردەوامی هەبوو.)(محەمەد مەجید سەعید، ۲۰۲٤: ٦)

ئەرستۆ لە کتێبەکانی (هونەری شعر) و (هونەری وتاربێژی)ەکەیدا، شیکردنەوەی بۆ میتافۆر کردووە، شیکردنەوەی ئەرستۆ لە هونەری شیعردا زیاتر کاری لەسەر دروستەی میتافۆر و میتۆنیمی کردووە، بەڵام لە هونەری ڕەوانبێژییەکەیدا میتافۆر بەشێوەی لێکچواندنێکی کورتکراوە دەناسێنێت، لێکچواندنیش میتافۆرە، جیاوازیی نێوان ئەم دووانەش زۆر کەمە و کاتێ شاعیر لە بارەی (ئەکیل)ەوە دەڵێت ( هاوشێوەی شێرێک هێرشی برد) لێکچواندنە و کاتێک دەڵێت (شێرێک هێرشی برد) میتافۆرە. لێرەدا شاعیر ناوی شێری گواستۆتەوە بۆ ئەکیل، چونکە هەردووکیان هێمای ئازایەتین.(آریا یونسی، ۲۰۱٦: ۲۳٤)

ئەرستۆ هەوڵی دانانی سنورێکی داوە، بۆ گواستنەوەی وشە لە واتایەکەوە بۆ واتایەکی تر، ئەرستۆ بە مەبەستی ڕێگرتن لە یاریکردنی بە واتایی وشە چەند دەستور و مەرجێکی داناوە، ئەو زانایە وای بەباش دەزانی بەپێی ئەو یاسا و دەستورانە وشە لە واتایەکەوە بگوازرێتەوە بۆ واتایەکی تر.(دارا حەمید محەمەد، ۲۰۱۰: ۱۹ )

**۱-۱-۲- میتافۆر لای هندییەکان**

بەکارهێنانی بەرفراوانی میتافۆر لای هندییەکان، چ لە قسەکردنی ڕۆژاندا بێت یان بەرهەمە نووسراوەکانیاندا، دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ ئەو نەریتە دوور و درێژەی زمانی مەجازی، بۆ دەربڕینی هەردوو بیری سادە و ئاڵۆز،

سەرچاوەیەکی بەرچاوی ئەم نەریتە لە کتێبە ئاینیەکەیاندا بەناوی(ڤیدا)، ئەم کتێبە دەقی پیرۆزی کۆنن لە هیندستان، بە زمانی سانسکریتی نوسراون، زمانی مەجازی زۆری تێدا بەکارهاتووە، وەک میتافۆر و لێکچواندن، بۆ ڕوونکردنەوەی بیرۆکە ئاڵۆزەکان بەشێوەیەکی بەهێزتر و تێگەیشتووتر.

زانای ناسراو (مۆلەر) ئاماژە بەوە دەکات، کتێبی ڤێدا قوتابخانەیەکی گەورەی بیرکردنەوەیە لە فەلسەفەی هیندییەکان، بەزۆری پشت بە میتافۆر دەبەستێت، چونکە فەیلەسوفە هیندیەکان زۆرجار بە بەکارهێنانی زمانی مەجازی بیرۆکەکانیان سەبارەت بە ژیان و گەردوون و خودا وەسف دەکەن، نەک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لۆژیکی. (SHASHKALA. NAIDU, 2002: 58-59 )

بەکارهێنانی میتافۆر لە کەلتووری هیندییەکاندا زۆر باو و ئاساییە، چ لە چوارچێوەی ئاین و چ لە قسەکردنی ڕۆژانەدا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە فێرکارییەکانی دەقە پیرۆزەکانی وەک ڤێدا کە حیکمەتی هیندستانی کۆنی تێدایە، کاریگەری قووڵیان لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوە و قسەکردنی مرۆڤەکان هەبووە، بۆ نموونە چەمکی خودا لە فەلسەفەی هیندییەکاندا زۆرجار بە زاراوەی میتافۆر وەسف دەکرێت(خودای میتافیزیکی) ئاماژەیە بۆ چەمکێکی خودا و ئەبستراکت لەدەرەوەی تێگەیشتنی مرۆڤ ( SHASHKALA. NAIDU, 2002: 58-59)

لە ڕاستیدا هیندیەکان گفتوگۆیەکی چڕیان لەسەر زۆرێک لەو بابەتانە کردووە، کە زمانەوانی نوێ خۆی پێوە خەریک کردووە، لە لێکۆڵینەوە واتاسازییەکاندا، یەکێک لەو بابەتانەی کە هیندیەکان لێکۆڵینەوەی و مشتومڕیان لەسەر کردووە و هەبوونی دیاردەی هاوواتا بووە.(بەشدار محەمەد ئیبراهیم، ٢٠١٤: ٢٣)

**١-١-٣- میتافۆر لای عەرەبەکان**

سەرەتای لێکۆڵینەوەی میتافۆر ئەگەر بەشێوەیەکی سادەش بێت، دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام، ئەو کاتە، لە بازاڕی عوکاز بۆ هەڵسەنگاندنی شیعری شاعیرانی پێش ئیسلام، لە چارەکەی یەکەمی سەدەی دووەمی کۆچیدا، لە لایەن زمانەوانی عەرەب( الجعدی کوڕی دەرهەم)ەوە، بۆ یەکەمجار هەردوو زاراوەی (حقیقی و مجازی) کە دوو جۆری سەرەکین لە واتا بەکارهێنراوە، یەکێک لەو بابەتانەی کە عەرەبە دێرینەکان گرنگیان پێداوە بابەتی میتافۆر بوو. (دارا حەمید محمد،٢٠١٠: ٢٢)، بەڵام میتافۆر لە سەدەکانی سەرەتای شارستانیەتی ئیسلامدا، شارستانیەتێک بووە لەسەر قورئان دامەزراوە، بۆ ئەوەی باشتر لە کتێبە ئاسمانیەکەیان تێبگەن، کە پڕە لە بابەتی میتافۆر و لێکچواندن، ئەمەش لەبەر دوو هۆکار بووە، ڕوونکردنەوەی و تێگەیاندنی بیروباوەڕ و جوڵاندنی و کارتێکردنی هەست و نەست. زۆربەی زمانەوانەکان و زانایانی ڕەوانبێژی عەرەبی دژی ئەوە بوون کە میتافۆر فەرامۆش بکرێت، بەم جۆرە دەستکرا، بەباسی میتافۆر لە زمانی قورئانی پیرۆز، چەندان کتێب دێتە کایەوە، وەکو کتێبی (تأویل مشکل قرآن) لە دانانی (ابن قتیبه)، کتێبی (مجاز القرآن) لە دانانی( ابو عبیده)، کتێبی (البدیع) لە دانانی (ابن معتز)، کتێبی (نقد الشعر) لە دانانی (قدامه بن جعفر)، کتێبی (اسرار بلاغه و دلائل الاعجاز)لە دانانی(عبدالقادر الجرجاني )، چەندان نوسەری تر وەکو جاحظ و سکاکی و چەندانی تریش.(علی قبادی کیا & سید مهدی رحیمی، ٢٠١٤: ١٠٨)

ئەم سەرچاوانەی کە بەدەستمان گەیشتووە یەکەمیین ئەو کتێبانەن، کە باسی میتافۆر و هونەرەکانی ڕەوانبێژییان کردووە.

عەرەبە موسڵمانەکانیش، بەسەرسێ ڕەوتی جیادا دابەشدەبن، ڕەوتێکیان زمانی میتافۆری ڕەتدەکەنەوە و بە درۆ و دوورکەوتنەوە لە ڕاستی لە قەڵەمیدەدەن، سیوطی پێیوایە: (ئاخێوەر ئەو کاتە پەنا بۆ دەربڕینی میتافۆری دەبات، کە گوتنی ڕاستی بۆ نەیەت) .(ڕۆژان نوری عەبدڵڵا، ٢٠١٤: ٣١)، هەرچەندە ئەم وتەیە دروست نییە، چونکە زۆرجار بە مەبەستی بابەتی ئێستاتیکا، پەنا بۆ میتافۆر دەبرێت نەک لە توانا نەبوونی گووتنی ڕاستی. ئەم بۆچوونەش بە بۆچوونی

(الظاهريه)كان ناسراون، كه ڕەواندنەوەی لێڵی دەقە قورئانیەکانیان ڕەتدەکردەوە.(هەمان سەرچاوە، ٢٠١٤: ٣١)، ئەم لێکدانەوەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە میتافۆر گواستنەوەیەکە لە واتادا، بەڕای ئەم دەستەیە پەیوەندی نێوان وشە و واتاکەی (دال و مەدلوول)، پەیوەندییەکی لەخۆوە نییە، هەر وەک(عباد بن سلێمان) ڕای وایە پەیوەندی نێوان وشەکان و واتاکانیان، پەیوەندییەکی خواییە، زمان خەڵاتی خوایە بۆ مرۆڤ و نابێت دەستکاری واتاکانیان بکرێت.(بەکر عومەر علی، ٢٠٠٠: ٢٧)

لەبەرانبەر ئەم بۆچوونەدا، بیرۆکەیەکی دیکە بەدیدەکرێت، کە بڕوایان بە بوونی میتافۆر و ڕاڤەی میتافۆری بۆ قورئان و پەیامبەر هەیە. دانیان بە میتافۆر لە دەقی قورئاندا دانا، تەنانەت بە ئامرازێکی زمانی کاریگەریان دەزانی، بۆ لێکدانەوەی دەقە ئایینییەکان و ئاراستەکردنی واتاکانیان، ئەم بۆچوونەیش بە بۆچوونی(موعتیزیل)ەکان ناسراون.(مذبوحي محمد، ٢٠٠٥: ٢٤)

بۆچوونی سێیەمیش، ئەمان لە نێوەندان بە واتایەکی تر نە لەگەڵ ئەوانە دان کە میتافۆر ڕەتدەکەنەوە و نە لەگەڵ ئەوانەشدان کە زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانیدا دەکەن، ئەم بۆچوونەش بە ئەشعەرییەکان ناسراون.(ڕۆژان نوری عەبدوڵڵا، ٢٠١٤: ٣١)، سەبارەت بە میتافۆر لە نێو فەیلەسوفە موسوڵمانەکاندا، ڕەنگێکی ئەرستۆی هەیە، بە تایبەت لەگەڵ (ئیبن سینا و ئیبن ڕوشد)، کە لە ژێر کاریگەری ئەرستۆدا بوون، هەریەکەیان پەیوەندییەکی ڕێژەیی و گونجاویان هەبوو، بە جۆرێک لەگەڵ هاوشێوەی ئەو بۆچوونەی کە ئەرستۆ هێنیاویەتی جیاواز نین.

**١-٢- میتافۆر لەسەردەمی ڕینیسانس**

سەردەمی ڕێنیسانس کە لە سەدەی سیازدە لە ئیتالیا دەستیپێکرد، وردە وردە بۆ ناوچەکانی دیکەی ئەوروپا بڵاوبوەوە، بە وەچەرخانێک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دادەنرێت، بە تایبەتی لە بواری ئەدەبدا، لە سەردەمی ڕێنیسانسدا بیرمەندان ڕوویان کردە لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکانی فەیلەسوفە کۆنەکانی یۆنان و ڕۆمانی وەک ئەفلاتوون و ئەرستۆ و سوکرات و سیسێرۆ. لەم بەرهەمانەدا بیرۆکەی بەنرخیان سەبارەت بە مرۆڤ و ئەخلاق و سیاسەت و کۆمەڵگا دۆزییەوە، کە جیاواز بوون لەو بۆچوونانەی کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا باو بوون.

دوای سەدەکانی ناوەڕاست، بەتایبەتی لە سەرهەڵدانی سیستەمی ئەزموونگەرایی و عەقڵانیدا، (ئەزموونگەرایی) : بریتییە لەو بۆچوونەی، کە زانین لە ئەزموونی هەستەوە سەرچاوە دەگرێت (ئەو شتانەی دەتوانرێت ببینین ، ببیستین، دەستیان لێبدەین....)، عەقڵانیەت: (بریتییە لەو بۆچوونەی کە عەقڵ سەرچاوەی سەرەکی زانینە)، دیدگای ئەزموونگەرایی لە سەدەی شانزە و حەڤدەدا ناوبانگی زۆری بەدەستهێنا، بەگشتی گومانیان لە میتافۆرەکان هەبوو، بەشێوەیەکی نەرێنی سەیری میتافۆرەکانیان دەکرد، لە چوارچێوەی فەلسەفەیی ئەزموونگەرایی، بیرمەندانی وەک (تۆماس هۆبز)فەیلەسوفی دیاری ئینگلیزی، ڕوانگەیەکی ڕەخنەییان بۆ میتافۆرەکان هەبوو، ئەو فەیلەسوفە ئاماژەی بەوە کردووە کە زمان بە پلەی یەکەم بۆ پەیوەندی کردن و دەربڕینی زانینە، بە بڕوای (هۆبز) کاتێک ئێمە وشەکان بە شێوەیەکی میتافۆر بەکار دەهێنین، بەشێوەیەک کە جیاوازە لە واتایی فەرهەنگی یان واتای دیاریکراوییان، ئەوا پەیوەندیکردن سەرلێشێواو دەکات و مرۆڤەکان بەلاڕێدا دەبات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە میتافۆرەکان بەڕوونی گوزارشت لە زانین ناکەن، دەتوانن ببنە هۆی تێنەگەیشتن و دەرئەنجامە ناڕاستەکان یان تەنانەت ناتەبایی کۆمەڵایەتیش.( Mark Johnson، 1981: 11 )

لە بنەڕەتدا (هۆبز )و ئەزموونگەرانی دیکە، میتافۆریان وەکو بەربەستێک لە پێش بیرکردنەوە و زانین ڕوون دەبینی، لەبری ئەوەی ئامرازێکی بەسود یان داهێنەرانە بێت بۆ پەیوەندیکردن، ئەم ڕوانگەیە کاریگەریان لەسەر شێوازی تێڕوانینی میتافۆر، لە لایەن فەیلەسوفەکانی دواترەوە هەبوو، کە نەریتی ئەزموونگەرییان بە میرات وەرگرتووە.

تێڕوانینەکانی (هۆبز) بۆ میتافۆر ، بوو بە بەشێکی سەرەکی لە بیرکردنەوەی فەلسەفەدا، بە تایبەتی لەو دیدگایەدا کە(حەقیقەتی وشەیی) لە پێشینەی کارەکانیاندایە، ئەم بۆچوونە گریمانەی ئەوە دەکات، کە زمانی میتافۆر تەنها ڕازاندنەوەیە، نەک ڕێگەیەکی ڕەوان بۆ گەیاندنی ڕاستییەکان. ئەم بۆچوونە بەشێکی ڕاستی تێدایە، بەوەی کە میتافۆر سەرچاوەی ئێستاتیکا و هونەری ڕازاندنەوەیە، بە تایبەتی لە ئەدەبدا، بەڵام لە دیدی درکپێکردنەوە، ئەوا میتافۆر زۆر لەوە زیاترە، کە تەنها بۆ ڕازاندنەوە بێت، بۆچوونی نوێ میتافۆر بە پێکهاتەیەکی ناوەندی هزری دەبینێت، بە پێی ئەم بۆچوونە میتافۆر لە هەموو دیاردەکان و بەکارهێنانە ئاساییەکانی ڕۆژانەمان هەیە و ئاخاوتنە زمانییەکان ڕێکدەخات، کە پەیوەستە بە بیرەوە.

پارادایمی (وشەیی ڕاستی/ حەقیقەت) شێوازێکە بۆ بیرکردنەوە لە زمان، کە (هۆبز) پەیڕەویدەکات، کە سێ خاڵی سەرەکی لە خۆدەگرێت.

- زمانی وشەی/ پیتیی کلیلی وردبینی و ڕاستییە، تەنها زمانی وشەیی دەتوانێت بەوردی بیرکردنەوە و ڕاستییەکان دەربرێت.
- میتافۆر فریودەرە وەک لادان لە بەکارهێنانی دروستی زمان سەیر دەکرێت و دەتوانێت ببێتە هۆی سەرلێشێواوی.
- واتای وشەیی یەکسانە بە وەرگێرانی وشەیی بە گوێرەی (هۆبز)، هەر میتافۆر دەتوانێت وەربگێردرێت بۆ قسەیەکی وشەیی، کە هەمان واتای هەبێت ئەمەش ئەوە پێشاندەدات، کە میتافۆر واتای ڕاستەقینە زیاد ناکات، ئەوە تەنها شێوازێکی مەجازییە بۆ وتنی شتێک، کە دەتوانرێت بە زمانی وشەیی بە ڕوونتر بگوترێت. لە بنەڕەتدا هۆبز زۆر ڕەخنەی لە زمانی مەجازی گرت، بە هۆی توانای شێواندنی بیرکردنەوەی ڕوون و دوورخستنەوەی مرۆڤەکان لە تێگەیشتنی دروست.( Mark ، 1981:12 Johnson)

(جۆن لۆک)یش بەتوندی ڕەخنەی لە بەکارهێنانی زمانی مەجازی (وەک میتافۆر) لە گفتوگۆی فەرمیدا گرت، لۆک بۆچوونی وابوو، کە ئەم شێوازە دەستکردانەی بەکارهێنانی وشە، تەنها سەر لە مرۆڤەکان دەشێوێنێت و هەست و سۆزەکان دەوروژێنن و بڕیاردان چەواشە دەکەن. هەروەها ئەو فەیلەسوفە ئاماژە بەوە دەکات، لە کاتێکدا زمانی مەجازی لەوانەیە لە وتارەکاندا قبوڵبکرێت، کە مەبەست لێی جوڵاندنی مرۆڤەکانە لە ڕووی سۆزدارییەوە، وەک(وتاربێژی)، بەڵام لە گفتوگۆکاندا سەبارەت بە ڕاستی یان زانین دووربکەونەوە، لای (لۆک) بەکارهێنانی میتافۆر لە فەلسەفەدا هەڵەیەکی گەورەبوو، چونکە دەتوانێت خەڵک چەواشە بکات و لە بیرکردنەوەی ڕوون و لۆژیکی دووریان بخاتەوە. هەروەها (بیشۆپ بێرکلی) هاوڕابوو لەگەڵ (لۆک) و ڕایگەیاند، فەیلەسوفان دەبێت بە تەواوی خۆیان لە میتافۆر بە دوور بگرن، بۆ ئەوەی بیرکردنەوەیەکی ڕوون و ورد بپارێزن.(4 :1985 ، Peter Lamarque)

لە سەدەی هەژدەیەم، فەیلەسوفان کەمتر سەرنجیان خستەسەر میتافۆر. هەندێکیان هێشتا هەمان ڕەخنەی کۆنیان هەبوو، وەک (هێگڵ و جۆن ستیوارت میل). (هێگڵ) بیری لەوە دەکردەوە، کە میتافۆرەکان وەکو (خشڵ)ن، کە هیچ شتێکی گرنگی بۆ فەلسەفە زیاد نەکردووە، تەنها کاری هونەری دەڕازاندەوە. (Eleanor ، 2017:17 Karameli)، (جۆن ستیوارت میل) میتافۆرەکانی بە یارمەتیدەر دەزانی، بۆ پێشنیازکردنی بیرۆکەیەک یان ئاسانکردنی تێگەیشتن، بەڵام نەک بۆ سەلماندنی هیچ شتێک لە ڕاستیدا. ئەو فەیلەسوفە پێیوابوو کە میتافۆرەکان دەتوانن نیشانی بدەن، کە لێکچوونێک هەیە لە نێوان دوو شتدا، بەڵام نابێت وەک ئارگومێنت یان سەرچاوەی ڕاستی لە خۆیاندا مامەڵەیان لەگەڵ بکەن(Mark Johnson، 1981: 17)

فەیلەسوفانی وەک( لۆک، بێرکلی، هێگڵ، میل) میتافۆریان بە ئەگەری چەواشەکاری و سەرقاڵکەر و ناپێویست دەبینی، کاتێک باسی فەلسەفەی جدی دەکرد، ئەوان زمانی ڕوون و وشەیان پێباش بوو، بۆ گەیاندنی ڕاستی و زانیاری.

(کانت و نیچە) جیاوازن، چونکە بە پێچەوانەی زۆرێک لە فەیلەسوفەکانەوە، دانیان بە گرنگی زمانی مەجازیدا(وەک میتافۆر) ناوە، بە تایبەتی کانت لە بەرهەمی (ڕەخنە لە حوکمدان)دا باس لە خەیاڵ و داهێنان دەکات، ڕاستەوخۆ جەخت لەسەر میتافۆر ناکات، بەڵام دەیبەستێتەوە بە داهێنان و ڕەسەنایەتی. لای( کانت)، بلیمەتی هونەری بریتییە لە توانای بەرهەمهێنانی شتێکی نوێ بەبێ پەیڕەوکردنی هیچ یاسا و ڕێنماییەک. کاتێک هونەرمەندێک شتێک دروستدەکات، چ لە وێنەکێشان، مۆسیقا، یان لە شیعردا، ئەنجامەکە بەرهەمهێنانی میکانیکی شتێک نییە، کە پێشتر زانراوە، بەڵکو بیرۆکەیەکی ڕەسەنە کە بیرکردنەوەی، بینەر یان گوێگر دەوروژێنێت.(14 :1981 ، Mark Johnson)

(کانت) ڕوونیدەکاتەوە، کاتێک ڕووبەڕووی کارێکی هونەری دەبێتەوە، وەک میتافۆر، ئەوە بە ئاسانی مانایەکی جێگیر و بەرجەستەمان ناداتێ. لە جیاتی ئەوە خەیاڵ و تێگەیشتنمان دەوروژێنێت. میتافۆرەکان لای (کانت) گرنگن، چونکە ڕێگەمان پێدەدەن بیر لە شتەکان بکەینەوە بەشێوەیەک کە زمانی ڕستەیی یان چەمکەکان ناتوانن بە تەواوی دەریببڕن. نمونەیەک لە میتافۆر دەهێنێتەوە، کە (کۆتایی ژیان) وەک (ڕۆژێکی هاوین) وەسف دەکات، پێشنیاری ئەوە دەکات کە میتافۆرێکی لەم شێوەیە دەتوانێت وەڵامێکی سۆزداری و ڕۆشنبیری قووڵ بوروژێنێت، بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ بە چەمکی لۆژیکی ڕوون بکرێتەوە.(هەمان سەرچاوە، ١٩٨١: ١٥)

هەرچۆنێک بێت، (کانت) دەڵێت: (کە میتافۆرەکان زانیاری بەرهەمناهێنن، بە هەمان شێوەی عەقڵییەتی لۆژیکی یان چەمکی ، چونکە بە پێی یاساکان بەڕێوە ناچن و وردنین. میتافۆرەکان زیاتر پەیوەستن بە وروژاندنی بیرکردنەوە و هەستەکانەوە، نەوەک گەیاندنی زانیاری. )(آریا یونسی،١٣٩٦: ٢٣٨) هەروەها (کانت) ئاماژەی بەوە کردووە، کە شاعیران و هونەرمەندانی ڕۆمانتیکی، بە پێچەوانەی فەیلەسوفان، زۆرجار میتافۆریان وەک هێزێکی سەرەکی داهێنەر لە زمان دەبینی، ئەوان باوەڕیان وابوو، کە میتافۆر سنووری زمانی ئاسایی تێپەڕاندووە و توانایەکی تایبەتی هەیە، بۆ گەیاندنی بیرۆکە و هەستە ئاڵۆزەکان. بەمشێوەیە (کانت) میتافۆرەکان وەک جۆرێک لە داهێنان دەبینێت، کە وشە تێدەپەڕێنێت و بیرکردنەوەی قووڵ دەوروژێنێت، بەڵام باوەڕی بەوە نییە کە بتوانێت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری ڕاستەقینە بەکاربهێنرێت. شاعیرانی ڕۆمانتیکی میتافۆریان وەک ڕێگایەک بۆ تێپەڕاندنی تێگەیشتنی وشەیی و سوودوەرگرتن لە شێوازی بیرکردنەوەی ئەندێشەیی و قووڵتر بەنرخ دەزانی.

بیرمەندانی ڕۆمانتیک وەک(ڕۆسۆ و نیچە) لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدە، پێیانوابوو کەزمانی مەجازی وەک میتافۆرەکان تەنها شتێک نییە، کە لە شیعردا بەکاردەهێنرێت، بەڵکو بەشێکی بنچینەییە لە چۆنیەتی تێگەیشتن لە جیهان، ئەوان دژی ئەو بیرۆکەیە بوون، کە زانست یان پۆلێنی عەقڵانی دەبێت دوا ڕێگا بێت، بۆ تێگەیشتن لە ژیان، بۆ ئەوان زانست بە سارد و بێبەرهەم سەیر دەکرا، لە کاتێکدا هونەر و داهێنان و میتافۆر وەک ڕێگایەک بۆ بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی قوڵتر لە سروشت و ژیان سەیر دەکرا.(14 :1981 ،Mark Johnson)

(ڕۆسۆ) دەیگوت: (زمان بە هەست و سۆزەوە دەستپێدەکات نەک عەقڵ، یەکەم وشە کە مرۆڤەکان بەکاریانهێنا، میتافۆر بوون، شێوەی قسەکردن کە بە هۆی کاردانەوەی سۆزداری، بەرامبەر بە شتەکانەوە دروستبوون، بە تێپەڕبوونی کات، مرۆڤەکان وشەی وردتریان بۆ شتەکان داهێنا، بەڵام سەرەتا هەموو شتێک لەڕێگەی میتافۆرەوە دەردەبڕدرا.)(هەمان سەرچاوە، ١٩٨١: ١٤)

(نیچە) ئەم بیرۆکەیەی هێندەی تر برەوی پێدا، (نیچە) پێیوابوو، کە میتافۆر تەنها ئامرازێکی زمان نییە، بەڵکو بنەمای هەموو بیرکردنەوەکانی مرۆڤە. ئەو فەیلەسوفە باوەڕی وابوو کە ئێمە ڕاستەوخۆ جیهان ئەزموون ناکەین ، بەڵکو لە ڕێگەی میتافۆرەوە دەیبینین. بە بۆچوونی نیچە کاتێک شتێک دەبینین وەک (گەڵا) مێشکمان بە شێوەیەکی میتافۆر ئەو تێگەیشتنە لێکدەداتەوەو دەیگۆڕێت بۆ دەنگ، ئەم پرۆسەی میتافۆرە گرنگە بۆ تێگەیشتن لە واقیع. هەروەها نیچە دەڵێت:(ئێمە ڕاستەوخۆ ناتوانین بگەین بە گرنگی شتەکان لە جیهاندا. لە جیاتی ئەوە وشەکان داهێنراون بۆ نوێنەرایەتی کردنی ئەو شتانەی کە کەمتر یان زیاتر لە یەکتر دەچن ).(136 :2024 ،Ziying Jin)، کەواتە

کاتێک دەڵێین گەڵا بۆ چەندین دیاردەی تاک و جیاواز بەکاردەهێنین، ئەوەی ئێمە وەک ڕاستییەکان دەیانزانین بەشێوەیەکی " میتافۆری" ن. و "ڕاستییە چەسپاوەکان" ی کەلتوورەکەمان هیچ نین جگە لە تێگەیشتنە میتافۆرییەکان، کە ئەوەندە نەریتی بوونە تا ئەو ڕادەیەی کە میتافۆر بوونیان لە بیرکراوە .

کەواتە حەقیقەت چییە؟، بیرۆکە یان چەمکە "حەقیقەتەکان" لە ڕاستیدا میتافۆرن، کە بە تێپەڕبوونی کات هێندە بەربڵا و پەسەندکراون، لە بیرمان دەچێت کە میتافۆرن. (نیچە) ئەو حەقیقەتانە بەمشێوەیە دەخاتەڕوو: حەقیقەت "سوپایەکی گەڕۆکی میتافۆڕەکانە". کۆمەڵێک لە پەیوەندییە مرۆییەکان کە بە شێوەیەکی شیعری و ڕەوانبێژی ناسێنراون، گواستراونەتەوە، ڕازێنراونەتەوە، و دوای بەکارهێنانی درێژخایەن، خەڵک وا دەزانن جێگیر و پتەو و ڕیزبەندکراون؛ حەقیقەتەکان خەیاڵن، کە مرۆڤ لەبیریکردووە کە ئەوانە خەیاڵن، میتافۆرە کۆنبووەکانن کە توانای کاریگەرییان لەسەر هەستەکان نەماوە.(توفیق فائزی، ٢٠١٦: ٣٩٨)

بیرۆکەکانی (نیچە)، سەبارەت بە میتافۆر چالاکبوون، بەڵام زۆرێک لە فەیلەسوفەکان پشتگوێیان خست. ئەوان بە جدی خەریکی ئەو بیرۆکەیە نەبوون، کە میتافۆر دەتوانێت لە هەموو بیرکردنەوە و تێگەیشتنێکیی مرۆڤدا هەبێت. لە کاتێکدا شاعیران گوتاری مەجازیان لە هونەر و ئەدەبدا بە زیندوویی هێشتەوە، بەڵام لێکۆڵینەوەی فەلسەفەی فەرمییان دواخست، بە جیاکردنەوەی میتافۆر لە گوتاری زانستی(عەقڵانی) بەناوی داهێنان، ئەمەش وایکردبێت فەیلەسوفەکان بە شێوەیەکی قووڵتر و عەقڵانیتر لێکۆڵینەوە لە میتافۆر بکەن. لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە میتافۆر لەڕێگەی نیچەوە دووبارە گەڕایەوە ناو فەلسەفە، بیرۆکەکانی بە سەرەتای سەدەی بیستەم دادەنرێن.

**بەشی دووەم: تیۆریی کارلێك و میتافۆر لەسەدەی بیستەمدا**

**٢-١- تیۆریی کارلێك و دیدگا جیاوازەکان**

تیۆریی کارلێک یەکێکە لە گرنگترین تیۆرییەکانی میتافۆر، وەک جێگرەوەیەک بۆ تیۆریی گواستنەوە (Comparision theory) دادەنرێت، بۆ تێپەڕاندنی ئەو کەموکورتیانەی کە لە تۆێژینەوەی ڕەوانبێژی کلاسیکدا هەبوون. کارلێکخوازانی مۆدێرن ڕەخنەیان لە چەمکی گواستنەوە گرت، بۆ ئەوەی تیوریی کارلێک بنیات بنێن ، کە پێیانوایە میتافۆر تەنیا پرسێکی زمانەوانی نییە، بەڵکو بەرهەمی بیرکردنەوە و کارلێکی هۆکارە کۆمەڵایەتی و کەلتورییەکانن. ئەم تیۆرییە دەنگدانەوەیەکی بەرفراوانی لەنێو ڕەوانبێژانی نوێدا بەدەستهێناوە، بە تایبەت لە ڕووی ئەو بیرۆکە نوێیانەی، کە سەبارەت بە بنیاتنانی کارلێکی واتا پێشکەشی کردووە. بەمپێیە ئەم تیۆرییە پشت بە لێکدانەوەی ئەم بنیاتنانە دەبەستێت، بە دوو بواری زانستی گرنگ کە بریتین لە:

١ دەروونناسی مەعریفی، لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی بەدەستهێنانی زانستی عەقڵی مرۆڤ دەکات، چۆن بیرەوەری و زانیاری دەپارێزێت و پرۆسێسی دەکات و لە کاتی پێویستیدا بە دەستی دێنێتەوە و بەکاریدەهێنێت.

٢ دەروونناسی گشتاڵت- ڕەوتێکی دەرونییە کە پەیوەندی بە لێکۆڵینەوە لە تێگەیشتن و هەڵسوکەوتەوە هەیە، لە وەڵامی مرۆڤەوە دەستپێدەکات بۆ یەکەکان یان وێنەیەکی یەکخراو، بە لەبەرچاوگرتنی گونجانی ڕووداوی دەروونی و فیزیۆلۆجی، شیکاری لە سەر بنەمای هاندەر و وەڵامدانەوەی ڕەگەزە جیاوازەکان ڕەتدەکاتەوە، کە لە ناو ئەم کۆی گشتاڵتەدا کۆکراونەتەوە.(مسعودة واضح، ٢٠٢١: ١٤٣)

تیۆریی کارلێک پێیوایە، واتا بە شێوەیەکی گشتی لە دوو ئاست پێکدێت: ئاستی یەکەم، بە پەیوەندی کارلێککردنی تاک لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا دێتە ئاراوە، و ئاستی دووەمیش لەڕێگەی کارلێککردنی واتاوە بەدەست دێت . ئەم تیۆرییە لە لایەن(ماکس بلاک) لە کتێبی (نمونەی میتافۆرەکان) و (ڕیچاردز) لە کتێبی( فەلسەفەی ڕەوانبێژی) خرایەڕوو،دواتر (جۆرج لاکۆف و مارک جۆنسۆن)لە کتێبەکەیاندا(ئەو میتافۆرانەی بە هۆیانەوە دەژین) بنەمای تیۆرییەکەیان داناوە. لەم بەشەدا بەوردی هەموو بۆچوونەکان دەخەینەڕوو.


**٢-١-١- تیۆریی کارلێک لای ماکس بلاک**

ماکس بلاک لە بەشی سێیەمی کتێبەکەیدا "مۆدێل و میتافۆر"(Models and metaphor)، بابەتێکی بە ناونیشانی "میتافۆر" بڵاوکردەوە.(یوسف أبوالعدوس ،١٩٩٧: ١٢٩)، کە تێزە سەرەکییەکانی ڕێبازی واتاسازی بۆ میتافۆر لەخۆدەگرێت، کە ڕستە و گوتار وەک بنەمای خۆی وەردەگرێت. ماکس بلاک ئامانجی نوێکردنەوەی ڕەوانبێژی نییە لە سەر بنەمای فەلسەفی، کە پەیوەندی بە تێگەیشتن و تێنەگەیشتن و شێوازەکانی مامەڵەکردنیانەوە هەبێت، وەک ئەوەی لە تیۆریی ڕیچاردزدا ڕوویدا، بەڵکو هەوڵدەدات "ڕێزمانێکی لۆژیکی" بۆ میتافۆر(Grammaire logique de la metaphore) دابڕێژێت.(علي میلي، ٢٠٢٠، ١٥) بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

چۆن ڕستەیەکی میتافۆر دەناسینەوە؟ ئایا شێوازێکی ڕەخنەی جیاواز هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە میتافۆرەکان؟ ئایا دەتوانین دەربڕینێکی میتافۆری بکەینە دەربڕینێکی زارەکی ئاسایی؟ ئایا یاسایەکی تایبەت هەیە بۆ ناسینەوەی میتافۆرەکان؟ پەیوەندی نێوان میتافۆر و نواندن چییە؟ میتافۆر بە چ واتایەک داهێنەرە؟ کەی دەتوانین میتافۆر بەکاربهێنین؟((Dylan Mackenzie، 2019: 11 )، ئەم پرسیارانە پەیوەندییان بە لۆژیکی میتافۆرەوە هەیە، واتە سەیرکردنی میتافۆر لەڕووی واتاوە، نەک لەڕووی ڕێزمانەوە، بەواتایەکی دیکە ماکس بلاک پێیوایە میتافۆر لەگەڵ گۆڕانی زمانەکاندا ناگۆڕێت، چونکە ئێمە لەواتای وشەکانەوە لە میتافۆر تێدەگەین، نەک لە پەیوەندی ڕێزمانی و ڕستەسازییەوە، بەم پێیە بەبۆچوونی ماکس بلاک میتافۆر تەنها لە یەک وشەدا سنووردار نییە، هەروەها لەسەر بنەمای گواستنەوە و بەراوردکردن دانەنراوە، بەڵکو بەرهەمی کارلێک یان گرژییە لە نێوان دوو ئاستی میتافۆر، ئەویش ئاستی وشەیی سەنتەر(focus)، ئاستی چوارچێوە(frame) یان بەشەکانی تری ڕستە، وشە دەستبەرداری هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی دەبێت، بۆ ئەوەی تایبەتمەندی دیکەی بۆ زیادبێت، ئەمەش لە ئەنجامی کارلێکی نێوان سەنتەر و چوارچێوە دروستدەبێت.(جمیلة کرتوس، ٢٠١١، ٢٣)، وەک نمونەی(١٠)

نم١٠/ ئارام شێرە.

لێرەدا شێر لە لایەک بەشێک لە تایبەتمەندییە ئاژەڵییەکانی لەدەستدەدات، لە لایەکی دیکەشەوە تایبەتمەندی مرۆڤایەتی بەدەست دەهێنێت. بەهەمان شێوە ئارام لە بەرانبەردا هەندێ لە تایبەتمەندییە مرۆییەکانی لە دەستدەدات، بۆ بەدەستهێنانی تایبەتمەندی ئاژەڵ، کارلێکەکە لە ئەنجامی دەرکەوتنی تایبەتمەندی هاوبەش لە نێوان دوو بیری چالاکدا ڕوودەدات. دوای ئەوە یەکگرتووییەک دروستدەبێت، ئەوەش دەرئەنجامی ئەو کارلێکەیە، کە تیایدا هەم پێکەوەلکان و هەم جیاوازییەکان لە بەرچاو دەگیرێت، دەرئەنجامی ئەم بیرۆکەی کارلێککردنە، پرۆسەی زیادکردنی لایەنێک بۆ لایەنێکی تر نییە، بەڵکو بیرێکی تازە بەرهەمهاتووە، وەک لە هێڵکاری ژمارە (١) خراوەتەڕوو.




هێڵکاری کارلێکی میتافۆر لای ماکس بلاک(شعبان سلمی، ٢٠١٩: ٦١)

ماکس بلاک پێیوایە، ئەرکی میتافۆر تەنها بۆ کورتکردنەوە یان پڕ کردنەوەی بۆشایی زمانەوانی نییە، هەروەها ئامانجی تەنها وروژاندنی هەستی جوانی لە وەرگردا نییە. وەک تیۆریی گواستنەوە میتافۆر بانگەشەی بۆ دەکەن. هەروەها نایەت بۆ تیشک خستنەسەر لێکچوونێکی بابەتی لە نێوان ئەو کەسەی بۆی قەرزکراوە و ئەو کەسەی لێی قەرزکراوە، وەک ئەوەی تیۆریی نواندنی میتافۆری پێیوایە. (مسعودة واضع، ٢٠٢١: ١٤٩) بەڵکو بە بڕوای ماکس بلاک، میتافۆر لێکچوون دروستدەکات و دایدەهێنێت، چونکە ئەرکە جەوهەرییەکەی دۆزینەوە و داهێنان و گۆڕینی تێڕوانینە بۆ دونیا و شتەکان، لێرەدا پرۆسەی میتافۆر ئەنجامی بەراوردێکی فەرمی نییە، یان هەر وشەیەکی دیکەی بەخشراو، بەڵکو تایبەتمەندی خۆی هەیە. واتە میتافۆر لە ڕوانگەی کارلێکەوە، ناتوانرێت بە هیچ شتێک جێگەی بگرێتەوە، وەرگێڕان ناکرێت، ئارایشتدان یان ڕازاندنەوە نییە، پەروەردەییە و شتێکمان فێردەکات کە بەبێ ئەو فێر نابین.

بەم پێیە میتافۆر بە بۆچوونی ماکس بلاک، بۆ زمان و شیعر ئەو کارە دەکات، کە مۆدێل بۆ زانست دەیکات، سەبارەت بە دۆزینەوە و وەسفکردنی واقیع، لە زمانی زانستیدا، مۆدێل ئامرازێکی لێکدانەوەیە، کە خەیاڵ بەکاردەهێنێت بۆ لابردنی لێکدانەوە نەگونجاوەکان، بۆ بنیاتنانی لێکدانەوەی نوێ و گونجاو، لێرەوە مۆدێل وەک ئامرازێکی وەسفکردن، سەر بە لۆژیکی سەلماندن نییە، بەڵکو سەر بە لۆژیکی ئاشکراکردنە، بەڵگە ناخاتەڕوو بەڵکو دیدگا دەخاتەڕوو. (عبد العزيز لحويدق، ٢٠١٥: ١٨٩)، وەک و بینیمان بلاک پێیوابوو لە شیکاری میتافۆردا، دوای دۆزینەوەی لێکچوون و هاوتەریبی نێوان دوو بوار، دواجار بە یارمەتی بواری دووەم بواری یەکەم مۆدێل دەکەین، بە واتایەکی تر لە دڵی هەموو میتافۆرێکدا مۆدێلێکی لێکچوون هەیە، بە بڕوای بلاک هەر مۆدێلکردنێک میتافۆرە و بەو پێیەی مۆدێلکردن پرۆسەیەکە، کە بە شێوەیەکی فراوان لە زانستدا دەبینرێت، تەنانەت هەندێکیش پێیان وایە کە زانست جگە لە مۆدێلکردن هیچی تر نییە.(حوسين شيخ رضايى، ١٣٨٨: ٧٣) کەواتە سەیرکردنی میتافۆر وەک و مۆدێل(Modele) بەهایەکی مەعریفی پێدەبەخشێت، تەنها بە پرۆسەیەکی دیکۆراتی و ڕازاندنەوە نازانرێت، ناتوانێت وەربگێڕدرێت یان هاوتای گرنگی دەستەواژە ڕوونکراوەکان بێت، بەم کارە تایبەتمەندی نوێ وەردەگرێت ، کە پێشتر شیکارییان بۆ نەکرابوو.(Alice Giuliani، 2023: 82) بەڵام هاوتای وردی مۆدێلەکە، لەلایەنی شیعرییەوە تەنها میتافۆرێکی دابڕاو نییە، بەڵکو تۆڕێکە لە میتافۆرەکان کە دیدێکی تەواو و جیهانێکی یەکگرتوو و هاوسەنگ بنیات دەنێن.

کەواتە ڕوونە کە تیۆریی کارلێکی میتافۆر وەک جێگیرەوەیەک بۆ تیۆریی گواستنەوە میتافۆر هاتۆتە ئاراوە، کە لەسەر بنەمای عەقڵانی و لۆژیکی توند دامەزراوە، کە کارلێککردن و تێکەڵبوونی نێوان شتەکان یان تێکەڵبوون لە نێوان جیهانەکاندا قبووڵ ناکەن، هەروەها وەک جێگیرەوەیەک بۆ تیۆریی لێکچوونەکان، کە بە بناغە ئەرێنییەکانەوە هاتە ئاراوە، کە میتافۆر بە ئامرازێکی زمانەوانی دەزانێت، بۆ وەسفکردنی هەندێک لەیەکچوون کە پێشتر هەبوون لە نێوان دوو شت لە جیهاندا. (محمد مفتاح، ١٩٩٠: ٤٨) تیۆریی گواستنەوە، پێیانوایە میتافۆر تەنها لادانێکی مشەخۆرییە، کە کاریگەری لە سەر زمانی ئاسایی و زمانی زانستی هەیە، بە هۆی ئەمەوە میتافۆر هیچ گرنگییەکی مەعریفی نییە، بەڵکو زیاتر ڕۆڵی خۆی لە گوتاری ڕەوانبێژی جوانیناسیدا هەیە، لەگەڵ ئەم ئەرکەدا تەنها شەریعەتبوونی خۆی بە دەستدەهێنێت. (هەمان سەرچاوە، ١٩٩٠: ٤٨)، لە کاتێکدا تیۆریی کارلێکی میتافۆر وەک ئامرازێکی چەمکی یان دروستکردنی واقیع بۆ تێگەیشتن سەیری میتافۆرەکان دەکات، نەک تەنها وەسفکردنی واقیع، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە واتایی میتافۆر بەرهەمی پرۆسەیەکی بنیاتنەرە، کە خود بەشداریدەکات لە بەدەستهێنانی لەناو پرۆسەیەکی بەردەوام جوڵاو و کارلێکەردا، کە لە دەسەڵاتی واتای جێگیر و زاڵ بەسەر گۆڕانە ناوەرۆکییەکاندا ڕزگاربووە، تایبەتمەندی داهێنەرانە و ئەرکی مەعریفی لە هەموو میتافۆرێکی زیندوودا سروشتییە.

**٢-١-٢- تیۆریی کارلێک لای لاکۆف و جۆنسون**

میتافۆر لای لاکۆف و جۆنسون واتایەک و ڕوانگەیەکی نوێی وەرگرتووە، چیتر دیاردەیەکی زمانەوانی نییە، کە پەیوەست بێت بە زمانی شیعر و ڕەوانبێژی و جوانکارییەوە، بەڵکو ئەوان پێیانوایە کە دیاردەیەکی هزرییە، پەیوەستە

بە سیستەمی وێناکردنەوە، کە هاوڕێی ژیانی ڕۆژانەمانە و زۆرجار هەستی پێناکەین. بەشێکی گرنگ لە ئەزموون و ڕەفتار و کارلێکەکانمان لە بنەڕەتدا میتافۆرییە، و ئەگەر بابەتەکە ئاوا بێت، ئەوا بەشێکی جێگیر و بنەڕەتی سیستەمی چەمکیمان بە هۆی میتافۆرەوە دەبێت، و پێویست ناکات میتافۆر گوزارشتبێت لە ڕاستییە بنەڕەتییەکان، بەڵکو دەکرێت خۆی ببێتە ڕاستی سەبارەت بە بیری مرۆڤایەتی.(Lakoff & Johson، 1980: 3) بەمشێوەیە میتافۆرەکان دەربڕینێک نابن کە لە ڕاستییە ڕەسەنەکانەوە وەرگیراون، بەڵکو خۆیان ڕاستی دەبن سەبارەت بە بیرکردنەوەی مرۆڤ و سیستەمی چەمکی مرۆیی، کە زمان سەرچاوەیەکی گرنگی سەلماندنی شێوازی کارکردنی لە گەیاندنی کەتوار و وێناکردنی خەیاڵییدایە.

لەسەر ئەو بنەمایە، میتافۆر ئامرازێکە کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە هەیە و بەشداریدەکات لە دروستکردنی جیهان، ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی بیرکردنەوە و قسەکردن وەک دوو تایبەتمەندی، کە مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی تر جیادەکاتەوە، کە بزوێنەری مێشک و جەستە و هەستەکانمان و تێگەیشتنمان لە خۆدەگرێت، کە وامان لێدەکات توانای تێگەیشتن لە ئەزموونەکان لەڕێگەی میتافۆرەوە هەبێت، کە خۆی واتایەکی هەیە، وەک بەکارهێنانی هەستی بینین یان هەستی بەرکەوتن بۆ بەدەستهێنانی هەندێک تێگەیشتن.(Lakoff&Johsen، 1980: 3 )، واتا ئێمە ناتوانین دیاردەکانی جیهان و پێکهاتەکانی تێبگەین تەنها لە ڕێگەی هەندێک میتافۆرەوە نەبێت.

جەوهەری میتافۆر لای لاکۆف و جۆنسۆن بریتییە لەوەی کە دەرفەت دەڕەخسێنێت بۆ تێگەیشتن و ئەزمونکردن یان هەستکردن بەشتێک لە ڕێگەی شتێکی دیکەوە.(تریفە عومەر ئەحمەد& محەمەد کەریم ئەحمەد، ٢٠٢٢: ٢٣)، ئەمە پرۆسەیەکی جوانکارییە، کە پەیوەستە بە جەوهەری کاری بیرکردنەوە، هەروەها پەیوەستە بە چالاکی و کردەوە و بیرکردنەوەمان، وەک شتێک کە لە بواری زمانەوە تێدەپەڕێت بۆ بواری بیر، و لەڕێگەیەوە درک بە جیهانی دەوروبەرمان دەکەین و ئەزموونەکانمان تێیدا پراکتیزەدەکەین.

تیۆریی کارلێککاری ئەزموونی لاکۆف و جۆنسۆن، بوونی هەردوو لایەن لە میتافۆردا دەناسێنن(ئەو لایەنەی لێی قەرزکراوە و ئەو لایەنەی بۆی قەرزدەکرێت)، دوای ئەوەی تیۆریی نەریتی کلاسیکی بەمەیلێکی ئەرستۆیی باوەڕی بە بوونی لایەنێک و نەبوونی لایەنەکەی دیکە هەبووە. لە ڕوانگەی کارلێککاریدا، میتافۆر لەڕێگەی کارلێکی دوو بیری چالاکەوە بەرهەمدێت، کە بە یەک وشە یان پێکهاتەیەک کۆیاندەکاتەوە، لاکۆف و جۆنسۆن لە کتێبی میتافۆرەکەیاندا ڕوونیان کردەوە و دەڵێن:(ئەم جۆرە دەربڕیینانە تەنها ڕێگەی قسەکردن نین لەسەر شتێک لە ڕووی شتێکی دیکەوە، بەڵکو بەڵگەن بۆ ئەوەی کە ئێمە بیر لە شتێک دەکەینەوە لە ڕوانگەی شتێکی ترەوە)(إيلينا سيمينو، ٢٠٠٠: ٢٩) کۆمەڵە دەربڕینەکان ڕەنگدانەوەی نەخشە ئاسایییەکانی بیرکردنەوەن، کە بە میتافۆری چەمکی ناسراون.

سیستەمی چەمکی ئێمە، لە ڕوانگەی ئەزموونگەرایییەوە، لەسەر بنەمای ئەزموونی مرۆڤ و مۆدێلی دەروونی دامەزراوە، لەهەمانکاتدا بنیاتدەنرێت، ئەمەش بەرهەمی کارلێکی نێوان دوو پێکهاتەی پێشووە، بیر بەلای تیۆریی ئەزموونییەوە سیمایەکی فیزیکی هەیە و بنیاتنانی چەمکەکان لە لایەن مۆدێلە دەرونییەکانی وەک دەوروبەر و میتۆنیمی و میتافۆرەوە بەرهەمدەهێنرێت، ئەمە لە لایەک. هەروەها دەرئەنجامی ئەزموونی جەستە لە جیهاندا، ئەمەش دەردەکەوێت لە (تێگەیشتن، جووڵە، ژیانی مادی و کۆمەڵایەتی...) لە لایەکی دیکەوە.

میتافۆر لە سایەی ڕێبازی ئەزموونی کارلێککردندا لەسەر لێکچوونێک بنیاتنانرێت، کە پێشتر و بە سەربەخۆیی لە ئەزموونی تاک لەگەڵ ژینگەکەی بوونی هەبێت، وەک ئەوەی لای ڕێبازی پۆزەتیڤیزمی ئەرستۆیی هەیە. لاکۆف و جۆنسۆن ئەم بیرۆکەیەیان ڕەتکردەوە و دانیان بەوەدانا کە لێکچوون داهێنەرانەیە، و لەلایەن توانای سروشتی مرۆڤەوە بەڕێوە دەبرێت، کە توانای ئەوەی هەیە یارمەتی بدات بۆ پێدانی فۆرم و وێنەی داتاکانی بە جیهانی دەرەوە، چونکە مرۆڤ وەک لاپەڕەیەکی سپی نایەتە بوون، بەڵکو ئەزموون ئەوەیە کە بەرپرسیارە لە ڕیکخستن و داڕشتنی،

چونکە میتافۆر بەلای ئەمانەوە لەسەر پرۆسەی لێکچوون بنیاتنانرێت، بەڵکو لەسەر پرۆسەی نەخشەسازیی(Mapping) بنیاتدەنرێت..(سارا سهرابی و ئەوانی تر، ۲۰۲۲: ۳٦۸)

نم۱۲/ژیان گەشتێکە.

لەم نمونەیەدا چەمکی ژیان داڕێژراوە، کە لە ڕێگەی چەمکێکی ناسراوەوە نوێنەرایەتی چەمکێکی ئەبستراکت دەکات، کە چەمکی (گەشت)ە. نەخشەسازی لە نێوان دوو بواری چەمکی هەریەکەیان لە ڕێگەی پرۆسەی پێشبینی ڕێژەیی.

| گەشتەکە | | ژیان |
|---|---|---|
| خاڵی دەستپێک | = | ساتەوەختی لە دایکبوون |
| گەشتیار | = | مرۆڤێکی زیندوو |
| ڕووداوەکانی گەشتەکە | = | ڕووداوەکان کە مرۆڤ ئەزموونیدەکات |
| خاڵی گەیشتن(کۆتایی گەشتەکە) | = | مردنی مرۆڤ |

هێڵکاری ژمارە (۲) (ماجد عیال وهیب& أسیل حمود، ۲۰۲٤: ۲۹٥)

بەڵام پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ئەوەی تیۆریی مەعریفی میتافۆر لە تیۆرەکانی دیکە جیادەکاتەوە، ئەوەیە ئەم تیۆرییە جیاوازییەکی گرنگ لە نێوان میتافۆری چەمکی و میتافۆری زمانەوانی دروستدەکات، میتافۆری چەمکی نەخشەسازییەکی سیمانتیکییە، کە لە نێوان بوارە چەمکییەکانی یەکێک لە بوارەکانی ئەزموونی مرۆڤ کە بەرجەستە و بابەتییە، بواری سەرچاوە نەخشە دەکرێت بۆ سەر بوارێکیتر، کە بە زۆری ئەبستراکت دەبێت، زۆرجار میتافۆرە زمانییەکان ڕەنگدانەوەی میتافۆرە چەمکییەکانن لە زماندا.(وحید خادم زادە& محمد سعیدی مهر، ۲۰۱٥: ۱۱)

### ۳-۱- تیۆریی کارلێك بەپێی بۆچوونەکانی پۆل ڕیکۆر

یەکەم هەنگاو بۆ تێگەیشتن لە میتافۆر بە بڕوای ریکۆر، وازهێنانە لە تیۆریی لێکچوون و گواستنەوە، کە میتافۆر دەکاتە پرۆسەیەکی بێبەرهەم، هەر لەبەر ئەمەشە دەبینین ریکۆر گریمانەکانی ئەم تیۆرییە ڕەتدەکاتەوە و ڕەخنەی لێدەگرێت، لەلایەکی ترەوە تیۆریی کارلێککردن، ئەو مۆدێلەیە دەتوانێت گرنگی بە میتافۆر بدات و بیکاتە پرۆسەیەکی داهێنانی واتا، زانیاری نوێمان پێدەبەخشێت.(سیده اکرم برکاتی& محمد کاظم علمی، ۱۳۹٤: ۳)

ریکۆر بە ڕەخنەگرتن لەو گریمانەیە دەستپێدەکات، کە دەڵێت میتافۆر تەنها گواستنەوەیە لە واتای وشەکان و پشت بە لێکچوون دەبەستێت، لێرەدا ڕیکۆر پێیوایە میتافۆر گرنگی بە واتایی ڕستە دەدات، پێش ئەوەی گرنگی بە تاکە وشە بدات. ئەمەش یەکەم دەرکەوتنی بۆچوونی واتاییە بۆ میتافۆر، بەو پێیەش میتافۆر تەنها لە قسەکردندا واتای هەیە، لە لای ریکۆر دەبێتە بنیاتنان کە لە ڕێگەی تێکەڵکردنی نامۆیی وشەکانەوە پاڵپشتی واتای نوێ دروستدەبێت، نەک تەنها ناولێنان.(الوناس نصیرة، ۲۰۲٤: ٤۳)

پۆل ریکۆر بە دوای میتافۆردا دەگەڕێت و هەوڵدا گۆڕانکارییەک لە شێواز و چەمک و پراکتیکیدا بهێنێتە ئاراوە، چونکە نوێنەرایەتی شێوازێکی ڕەمزی دەکات، وەک ئاماژەیەک کاردەکات، واتە وەک واتایەک کاردەکات و ئاماژە

بە واتایەکی دیکە دەکات، ئەم واتایە لە ئەزموونی ژیان و ئەو ئەزموونە ئۆنتۆلۆژی و دەروونی و ڕۆشنبیرییەوە وەرگیراون، ئەمەیە دەیخاتە ژێر پراکتیکی لێکدانەوە بۆ گەیشتن بە پرۆسەی تێگەیشتن، چونکە لێکدانەوەی کەتوار/ واقیعە و سەرلەنوێ دایدەڕێژێتەوە، ئەمەش وایکرد پۆل ریکۆر وەک میتافۆرێکی زیندوو وەسفییکات، ئەوەی میتافۆرەکە پێکدەهێنێت پرۆسەی لێکچوون نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی گرژییە لە نێوان واتا خوازراوەکە و واتا ڕەسەنەکەدا ئەم گرژییە ڕوونادات تاوەکو میتافۆر پێوەرەکانی خۆی بە دەستنەهێنێت کە گونجاوە بۆی وەک (واتا قەرزکراوەکە لەگەڵ کۆنتێکستی ڕەسەندا بگونجێت)، هەروەها پێکەوەبوون( واتە پێکەوەیی لە نێوان دوو واتا دروستدەکات و لێکچوونی بەهێزی نێوانیان)، دواتریش ڕوونی(واتە گەیشتن بە ئامانجی ئەم میتافۆرە)، ئەم پێکهاتەیە تۆڕێک لە واتا و چەمکی نوێ دروستدەکات، کە بواری واتا دەوڵەمەندتر دەکات.(منیع حنان،٢٠٢٠: ١٩٣)

ریکۆر نموونە دەهێنێتەوە وەک،(نوێژێکی شین) یان (بەرگی خەمەکان)، پرۆسەی ڕێکخستنی ئەم دووانە و تێکەڵکردنیان ئەوەیە، کە میتافۆر پێکدەهێنێت، نەک تەنها وشەکان، کەواتە پێویست ناکات باسی ئەوە بکەین بەکارهێنانی میتافۆر بۆ وشەیەکی دیاریکراو، میتافۆر دەرئەنجامی گرژی نێوان دوو وشەیە، لە قسەیەکی میتافۆردا، ریکۆر لەسەر بنەمایەی ئەم پرسەیە هەنگاو دەنێت بۆ وروژاندنی پرسێکی دیکە، ئەویش پرسی لادانە، بەو پێیەش کە میتافۆر گرنگی بە وشە نادات، چونکە لە ئاستی ڕستەیەکی تەواودا بەرهەمدێت، یەکەم دیاردە کە پێویستە بیرلێبکەینەوە، ئەوە نییە کە خۆ لادان لە واتای ڕاستەقینەی وشەکان بکەین، بەڵکو کارکردنی پرۆسەی پاڵپشتی لە ئاستی ڕستەی تەواودا بەکاربهێنین. (paul ricoeur، 1976: 50)، کەواتە پۆل ریکۆر تێڕوانینی تاکلایەنەی میتافۆری تێپەڕاندووە، بەوەی تەنها وێنەیەکی ڕەوانبێژی جوانکاریی بێت، بەڵکو شێوازێکی زمانەوانی ڕەمزییە، بە توانای ڕەنگکردنی فرە واتا و تایبەتمەندی بەستنەوەی واتا و کۆنتێکستی جیاواز دەناسرێتەوە، چونکە پەیوەندی هاوشێوە لە نێوانیاندا هەیە و میکانیزمی کارکردنی ئەم شێوازە ڕەمزییە(میتافۆر) ڕێگە بۆ کێشەی لێکدانەوە دەکاتەوە، بەهۆی ئەو بارگرانییە ئۆنتۆلۆژییەی، کە ئەم وێنەیە هەڵدەگرێت، چونکە جیهانێک بەشێوەیەکی ڕوونتر و بەهێزتر پێشکەشدەکات.

ریکۆر ئاماژەی بەوە کردووە نابێت میتافۆر تەنها وەک ئامرازێکی ڕەوانبێژی و ئامێرێکی ئەدەبی سەیربکرێت، میتافۆر بە دیاردەیەکی زیادەڕەویی واتادار دەزانێت، کە توانای وەسفکردنی کەتوار/ واقیعی هەیە بە شێوەیەکی جیاواز بە هەڵپەساردنی ئاماژەی زمانەوانی بەکارهێنراو و ڕۆژانە، وەسفێکی نوێ و داهێنەرانەی کەتوار/واقیع دەکات، کە زمانی ئاسایی ناتوانێت مامەڵەی لەگەڵ بکات. ریکۆر لە کتێبی لە دەقەوە بۆ کردار، هەنگاوی یەکەم میتافۆر بەرەو لێکدانەوەی هێرمێنۆتیکییەکان دەگرێتەبەر، بە تێپەڕبوونی میتافۆر لە وشەوە بۆ ڕستەیەکی دیکە و پاشان بۆ گوتار، لەوێوە دەتوانرێت بەراورد لەگەڵ چیرۆکدا بکرێت، ریکۆر میتافۆر نەک لە ئاستی وشەدا بەڵکو لە ئاستی گوتاردا دەناسێنێت و کاراکتەری سەرەکییەکەی بە فرە واتای گوتارەوە دەبەستێتەوە.(مرتضی بابک معین، ١١: ١٣٩١)، سەبارەت بە فرە واتا ریکۆر پێیوایە وشەکە واتایەکی نوێ وەردەگرێت، بەبێ لە دەستدانی واتای پەسەندکراوی پێشوو، ئەم زیادکردنی واتا یەکێکە لە بنچینەترین تواناکانی میتافۆر، کە ریکۆر پێیوایە بۆ تێگەیشتن گرنگە، وا لە زمان دەکات وەرگری داهێنان بێت، کەواتە میتافۆر دەمانباتە ناو دڵی کێشەی هێرمێنۆتیک بە پێشنیارکردنی وەسفێکی نوێ، و داهێنەرانە بۆ چەمکی کەتوار/واقیع.

بەمشێوەیە ریکۆر میتافۆر بە هێما دەبەستێتەوە، دەبینێت لێکۆڵینەوە لە هێماکان لەگەڵ دوو کێشەدا بەریەکدەکەون، کە نزیکبوونەوەی لە پێکهاتەی دوو واتا قورس دەکات، کێشەی یەکەم ئەوەیە کە هێماکان سەر بە بوارە زۆر هەمەچەشن و ئاڵۆزی توێژینەوەن، وەک شیکردنەوەی دەروونی کە دەیانبەستێتەوە بە خەون و ململانێی دەروونی قووڵەوە، وێنە شیعرییەکان وەک وێنەی هونەری شیعرێکی دیاریکراو وەریدەگرن یان ئەو وێنانەی کە زاڵ دەبن بە سەر کارەکانی نووسەرێکدا یان ئەو شێوە و خوازانەی دووبارەدەبنەوە، کە هەموو کولتوورێک خۆی تێدا دەناسێتەوە.(عبدالله علی عمران، ٢٠٢٢: ١٧)، سەبارەت بە کێشەی دووەمیش، ریکۆر پێیوایە چەمکی هێما دوو ڕەهەند تێکەڵدەکات، بەو پێیەی دوو جیهانی گوتار لە خۆدەگرێت، کە یەکێکیان زمانەوانییە و ئەوی دیکەیان

پلەیەکی نازمانییە،ئەم ئاستەنگییە دەرەکییەی هێماکان وایکردووە ریکۆر هەوڵبدات لە ژێر ڕۆشنایی تیۆریی میتافۆردا ڕوونیانبکاتەوە، بینیویەتی دەتوانرێت بە سێ قۆناغ ئەنجامبدرێت:

١. ناوەڕۆکی واتاکانی هەر هێمایەک دیارییکەن، بێگوێدانە جیاوازی نێوانیان، لە سەر بنەمای پێکهاتەی واتا، کە لە وتە میتافۆرییەکاندا هەیە،

٢. کاری میتافۆری زمان ڕێگەمان پێدەدات چینە نازمانییەکانی هێماکان جیابکەینەوە، بنەمای بڵاوبوونەوەیان لەڕێگەی میتۆدی بەراوردکردنەوە جیابکەینەوە.

٣. ئەم تێگەیشتنە نوێیەی هێماکان دەبێتە سەرچاوەی گەشەسەندنەکانی دواتر لە تیۆریی میتافۆردا، ڕەنگە بەبێ ئەمە بە شاراوەیی و نەبینراو بمێنێتەوە.( سیدە اکرم برکاتی& محمد کاظم علمی، ١٣٩٤: ٧)

بەم پەیوەندییەی نێوان میتافۆر و هێما، تیۆریی هێماکان ڕێگەمان پێدەدات تیۆریی میتافۆر تەواوبکەین، ریکۆر وا گریمانە دەکات ئەم پێشهاتانە هەنگاوی پێویستمان پێدەبەخشن، ڕێگەمان پێدەدات کەلێنی نێوان میتافۆر و هێماکان پڕبکەینەوە.

ریکۆر لەم بوارەدا جەخت لەوە دەکاتەوە، میتافۆر توخمی دەرخستن و ڕووناککەرەوەی گونجاوی ئەو لایەنە هێماییەی، کە پەیوەندییان بە زمانەوە هەیە. لەم دۆخەدا تیۆریی کارلێک گرنگترە بۆ ئاشکراکردنی فراوانی واتای کاریگەر لە هەر هێمایەکدا، چونکە گرژی لە میتافۆردا هەیە ڕێگە دەدات بۆ گەڕان بە دوای واتا ئەگەرییەکاندا، کە زیادەیی واتای بەرهەمدەهێنێت ، بەمشێوەیەش هێماکە کاردەکات.(نادیة ویدیر، ٢٠١٦: ٢٢٩ ) کەواتە میتافۆر زانستێکی واتای هێما بە زمان دەبەخشێت، چونکە میکانیزمی کارکردنی میتافۆر دەبێتە هۆی نوێبوونەوە و خوڵقاندنی واتا و لەلایەکی تریشەوە میتافۆر جۆرێکە لە پاڵپشتکردن هێزی هێما لە ناویدا هەڵدەگرێت، واتای میتافۆر یان وەرگیراو وەک نیشاندەرێکی ڕەمزی کاردەکات، کە واتایەکی بێلایەنی تر هەڵدەگرێت.

بەم پێیە ریکۆر تیۆریی هێماکان لەسەر تیۆریی میتافۆر دادەمەزرێنێت، بە شێوەیەک کە میتافۆرەکان بە ڕاستی دەمێننەوە و بە شێوەیەک لە شێوەکان لە گوتاردا جێگەیدەگرنەوە، لە هەندێک ڕووەوە بەراوردکردنی میتافۆر بە مەتەڵێک، مەیلی ئەوەی هەیە شیکارییەکە سنووردارBکات، بۆ ئەو میتافۆرە تاکە کەسیانەی کە گوتار پێشکەشیدەکات، بەمشێوەیە بەس دەبێت لەگەڵ لایەنی بەسەرچووی زمان، کە میتافۆر دەکاتە داهێنانێکی واتا، و جەخت لەوە دەکاتەوە تەنها لە ساتێکدا بوونی هەیە.(paul ricoeur، 1976: 63) پول ریکۆر ئاماژە بەوە دەکات، میتافۆر پەیوەندیی بە چارەسەکردنی مەتەڵێکەوە هەیە، نەک بە عەقڵی ساغ، چونکە لە چارەسەرکردنی مەتەڵەکەی ناتەبایی واتا پێکدێت. بۆ نموونە (کچەکانی خەم)، ئەم دوو بیرۆکەیە زۆر دوورن لە یەکەوە هیچ پەیوەندییان بە یەکەوە نیە، بەڵام بەپێی ئەم میتافۆرە لە یەک نزیکدەبنەوە، ئەوەندە جیاوازی و لە یەکنەچوونە، ئەوەندە لە یەکچوون نییە، لە بەرئەوەی ئەنجامی لێکچوونەکە شتێک دەبیت، زۆر جیاوازە لەوەی پێشتر دروستمانکردووە، واتایەک هاتووەتە کایەوە کە پێشتر بوونی نەبووە، بۆیە میتافۆر ئەوەندەی(مەتەڵێک)ە، ئەوەندە لێکچوون نییە، ئەگەر جیاوازی نێوانیان زۆر نەبێت کردەی لێکچوون درووستنابێت.

**ئەنجامەکان**

لە کۆتایی توێژینەوەکەماندا گەیشتینە چەند ئەنجامێك لەوانە:

1- میتافۆر بابەتی هەرە گرنگی زمانەوانیی بەرایی بووە هەتا ئەمڕۆ، بەڵام دیدگای نوێی زمانەوانی بۆ چەمکی میتافۆر جیاوازە . تیۆرییە نوێیەکان میتافۆر بە دیاردەیەکی زیادەڕەویی واتادار دەزانن، کە توانای وەسفکردنی حەقیقەتی ژیانی ڕۆژانەی هەیە بەشێوەیەکی جیاواز ، کە زمانی ئاسایی ناتوانێت مامەڵەی لەگەڵ بکات.

2- بەپێی تیۆرییە نوێییەکانی زمانەوانی میتافۆر بابەتی ئێستاتیکای دەق تیدەپەڕێنێت و دەبێتە بابەتێکی هزری بەرادەیەك کە دەتوانیت لە هەموو بیرکردنەوە و تیگەیشتنێکی مرۆڤدا بوونی هەبێت و لەڕێی میتافۆرەوە لە دەروبەرمان بگەین .

3- پێرەوکەرانی تیۆریی کارلێك جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە میتافۆر لەڕێگەی کارلێکی دوو بیری چالاکەوە بەرهەمدێت، کە بە یەک وشە یان پێکهاتەیەک کۆیاندەکاتەوە بەمەش میتافۆر دەبێتە دەرفەت ڕەخسێنەر بۆ تێگەیشتن و ئەزموونکردن یان هەستکردن بەشتێک لەڕێگەی شتێکی دیکەوە .

4- میتافۆر بەپێی بۆچوونی ریکۆر سەرچاوەی ڕەوینەوەی تەمومژی هێماکانە، بەڵکو ڕۆڵی کاریگەرتری هەیە لە دەرخستنی واتا بەهێز و کاریگەرەکانی هێماکان، چونکە میتافۆر سەرچاوەی گەڕانە بە دوای واتا گریمانەکراو و ئەگەرییەکان. ئەمەش ڕەوایەتی و ڕاستییەتی بە میتافۆر دەبەخشیت و مانەوەی بە جێگیری بۆ فەراهەمدەکات.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**بە زمانی کوردی**


بەشدار محەمەد ابراهیم، ٢٠١٤، واتاسازی بەرهەمهێنان و لێکدانەوە لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

بەکر عومەر عەلی، ٢٠٠٠، میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی .

دارا حەمید محەمەد، ٢٠١٠، واتاسازی هەندێ لایەن لە سیمانتیک و پراگماتیکی کوردی، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپەمەنی ژیر.

ڕۆژان نوری عەبدوڵلا، ٢٠١٤، ڕۆڵی میتافۆر لە دەوڵەمەندکردنی زماندا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە.

کامل حەسەن بصیر، ١٩٨١، زانستی ئاوەڵواتا، ڕەخنەسازیی یۆنانی و ڕۆمانی و عەرەبی و ئەوروپییەوە بۆ ڕەخنەسازیی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق.

محەمەد مەجید سەعید، ٢٠٢٤، نواندن و چالاکبوونی میتافۆر لە زمانی کوردیدا لێکدانەوەیەکی زمانەوانی دەماریی و دەرونی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی گەرمیان.

نالی ئەدهەم غەریب، ٢٠١٦، درکپێکردنی مێتۆنیمی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

(تریفە عومەر ئەحمەد& محەمەد کەریم ئەحمەد، ٢٠٢٢، تیۆریی میتافۆری چەمکی لە کۆدی شیعرییدا، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، ژمارە ٤.


**المصادر والمراجع**


الوناس النصيرة، ٢٠٢٤، مفهوم الاستعارة بين الاتجاه العربي التقليدي و المحى المعرفي التجديدي، جامعة محمد بوقرة بومرداس، العدد ١.

إيلينا سيمينو، ٢٠٠٨، الاستعارة في الخطاب، عماد عبداللطيف& خالد توفيق، الطبعة الأولى، القاهرة، العامة لشئون المطابع الأميرية.

توفيق فائزي، ٢٠١٦، الاستعارة و النص الفلسفي، الطبعة الأولى، بنغازي ـ ليبيا، دار الكتب الوطنية.

تيرنس هوكس، ١٩٧٢، الاستعارة، عمر& زكريا عبدالله، الطبعة الأولى، للمركز قومى للترجمة، القاهرة.

جميلة كرتوس، ٢٠١١، الاستعارة في ظل نظرية التفاعلية لماذا تركت الحصان وحيدا لمحمود درويش أنموذجا، جامعة مولود معمري تيزي وزو، الماجستر.

شعبان سلمي، ٢٠١٩، الاستعارة التصورية في ضوء اللسانيات العرفنية (نماذج خطابية مختارة)، ٨ ماي ١٩٤٥ قالمة، جزائر.
عبدالله على عمران، ٢٠٢٢، فائض المعنى بين الاستعارة و الرمز عند بول ريكور، جامعة عمر المختار، العدد الحادي عشر.
على ميلي، ٢٠٢٠، الاستعارة في ديوان وشم على زند قرشي ل: عيسي لميلح، ٨ ماي ١٩٤٥ قالمة، جزائر، الماجستير.
ماجد عيال وهيب& أسيل حايف، ٢٠٢٤، الاستعارة في ضوء اللسانيات العرفانية: النظرية لجورج لايكوف و مارک جونسون إنموذجا، جامعة ذي قار، العدد ٣.
محمد مفتاح، ١٩٩٠، المجهول البيان، الطبعة الأولى، عمارة معهد التسيير التطبيقي، القاهرة.
مذبوحي محمد، ٢٠٠٥، المجاز في القرآن الكريم بين المعتزلة و الأشاعرة في القرنين الخامس و السادس الهجرين، أبي بكر القايد- تلمسان، دكتوراه.
مسعودة واضح، ٢٠٢١، الاستعارة التصورية في نماذج مختارة من القرآن الكريم دراسة معريفة، جامعة يحيى فارس المدية، الماجستير.
نادية ديرير، ٢٠١٦، الاستعارة الكلاسيكية و الاستعارة الجديدة، العدد ٢١.

**منابع فارسی**

أريا يونسی، ١٣٩٦، سقوط و ظهور استعاره: سير تاريخی استعاره در فلسفه، شماره ٦.
حسين شيخ رضايی، ١٣٨٨، استعاره و علم تجربی، دانشگاه شيراز، شماره ٣٠.
سارا سهرابی& اكرم كرانی& ناصری سادات، ١٤٠٠، واكاوی استعاره مفهومی در قران(جرهای ١٥ تا ٢١) و هفت پيكر نظامی از مفهوم زبان شناختی متن و تصوير، مطالعات هنر اسلامی، شماره ٥١.
سيده اكرم بركاتی& محمد كاظم علمی، ١٣٩٤، بررسی رابطه‌ی مفهوم نماد و استعاره در انديشه‌ی ريكور، دانشگاه مشهد، شماره ٢.
علی قبادی كيا& سيد مهدی رحيمی، ١٣٩٤، سيری در استعاره و انواع آن در مهم ترين كتب بلاغی، دانشتگاه محقق اردبيلی.
مرتضی بابک معين، ١٣٩١، استعاره و پيرنگ در انديشه پل ريكور، شماره ٢٠.
وحيد خادم زاده& محمد سعيدي مهر، ١٣٩٣، استعاره‌های مفهومی عليت در ديدگاه ليكاف، پژوهشنامه علوم انسانی، شماره ٧١/١.

## References

Ahmad, T. O., & Ahmad, M. K. (2022). *Conceptual metaphor theory in poetic discourse*. *Halabja University Journal*, (4).

Alice Giuliani, 2023, Max Black on metaphorical Language Exploring The Line Between Analysis And Aesthetics, University of Modena,123.

Al-Nasirah, A. (2024). *The concept of metaphor between the traditional Arabic approach and the renewed cognitive approach*. Mohamed Bougara University of Boumerdes, (1).

## Arabic References

Bakr, O. A. (2000). *Metaphor from a linguistic perspective* (Doctoral dissertation, University of Sulaimani).

Barakati, S. A., & Alami, M. K. (2015). *Investigating the relationship between the concepts of symbol and metaphor in Ricoeur's thought*. Mashhad University, (2).

Basir, K. H. (1981). *The science of semantics: From Greek, Roman, Arabic, and European criticism to Kurdish criticism*. Iraqi Academy Press.

Beshdar, M. I. (2014). *Meaning construction, production, and interpretation in the Kurdish language* (Master's thesis, University of Sulaimani).

Dara, H. M. (2010). *Meaning construction: Some aspects of Kurdish semantics and pragmatics* (1st ed.). Zhîr Press.

Dirir, N. (2016). *Classical metaphor and modern metaphor*, (21).

Dylan Mackenzle, 2019, Living Metaphors Exploring Freedom And Heuristic Insight In Aesthetic Apppreciation, Character Development, And Learning, The Degree Of Master, University In Partial.

Eleonora Carsmelli, 2017, Hegel e la metaphora Trapoetica efilosofia, 7

Faizi, T. (2016). *Metaphor and the philosophical text* (1st ed.). Benghazi, Libya: National Book House.

George Lakoff And Mark Johnson, 1980, Metaphors We Live By, London, The University of Chicago

Gharib, N. A. (2016). *The comprehension of metonymy in the Kurdish language* (Master's thesis, College of Languages, University of Sulaimani).

Hawkes, T. (1972). *Metaphor* (O. Abdullah & Z. Abdullah, Trans.). Cairo: National Center for Translation.

Imran, A. A. (2022). *Surplus meaning between metaphor and symbol in Paul Ricoeur's thought*. Omar Al-Mukhtar University, (11).

Kartous, J. (2011). *Metaphor in light of interaction theory: "Why Did You Leave the Horse Alone?" by Mahmoud Darwish as a model* (Master's thesis, Mouloud Mammeri University of Tizi Ouzou).

Khademzadeh, V., & Saeidi Mehr, M. (2014). *Conceptual metaphors of causality in Lakoff's theory*. *Journal of Humanities Research*, 1(71).

**Kurdish References**

Madhbouhi, M. (2005). *Metaphor in the Holy Qur'an between the Mu'tazilites and the Ash'arites in the fifth and sixth Hijri centuries* (Doctoral dissertation, University of Abou Bekr Belkaid, Tlemcen).

Mark Johnson, 1981, philosophical Perspectives On Metaphor, university of Minnesota, United States of America.

Miftah, M. (1990). *The unknown of rhetoric* (1st ed.). Cairo: Applied Management Institute Press.

Mili, A. (2020). *Metaphor in the poetry collection "Washm" by Ali Zend Qureshi and "Isa Lamlih"* (Master's thesis, University of 8 May 1945 Guelma, Algeria).

Moein, M. B. (2012). *Metaphor and plot in Paul Ricoeur's thought*, (20).

Muhammad, M. S. (2024). *Representation and activation of metaphor in Kurdish: A cognitive and psycholinguistic analysis* (Doctoral dissertation, Garmian University).

Paul Ricoeur, 1976, Interpretation Theory: Discourse And The Surplus Of Meaning, Sixth Printing, Texas Christian University press.

**Persian References**

Peter Lamarque, 1985, Philosophical Theories Of Metaphor, University of Turkuba, 10.

Qabadi Kia, A., & Rahimi, S. M. (2015). *A survey of metaphor and its types in the most important rhetorical books*. University of Mohaghegh Ardabili.

Rozhan, N. A. (2014). *The role of metaphor in language enrichment* (Master's thesis, Koya University).

Salmi, S. (2019). *Conceptual metaphor in the light of cognitive linguistics: Selected discourse models*. University of 8 May 1945 Guelma, Algeria.

Semino, E. (2008). *Metaphor in discourse* (I. Abdel Latif & K. Tawfiq, Trans.). Cairo: General Organization for Amiri Press Affairs.

Shashikala Naidu, 2009, Metaphorical Expressions in Indian, Okloma state university, The degree of doctor.

Sheikh Rezaei, H. (2009). *Metaphor and empirical science*. Shiraz University, (30).

Sohrabi, S., Karani, A., & Sadat, N. (2021). *An analysis of conceptual metaphor in the Qur'an (Surahs 15–21) and Nizami's Haft Paykar from the perspective of text and image linguistics*. *Islamic Art Studies*, (51).

Wadih, M. (2021). *Conceptual metaphor in selected Qur'anic models: A cognitive study* (Master's thesis, Yahia Fares University of Médéa).

Wahib, M. A., & Hayif, A. (2024). *Metaphor in the light of cognitive linguistics: George Lakoff and Mark Johnson's theory as a model*. University of Thi Qar, (3).

Younesi, A. (2017). *The fall and rise of metaphor: A historical development of metaphor in philosophy*, (6).

Ziying Jin, 2024, Approaches to metaphor: Cognitive- Linguistic And Philosophical Perspectives, Nanjing Foreign Language School, Nanjing, china,30(1).